# خودای گەورە ناخەوێت، و شیاو نییە بۆی کە بخەوێت

لە ئەبی موساوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- لە نێوماندا هەستا و پێنج شتی فەرموو: «خودای گەورە ناخەوێت، و شیاو نییە بۆی کە بخەوێت، تەرازوو نزم دەکاتەوە و بەرزی دەکاتەوە، کردەوەی ڕۆژ پێش کردەوەی شەو بۆ لای بەرز دەکرێتەوە، و کردەوەی شەویش پێش کردەوەی ڕۆژ، پەردەکەی (حیجابەکەی) ڕووناکییە (یان ئاگرە)، ئەگەر لایبدات شکۆمەندیی ڕوخساری هەموو شتێک لە دروستکراوەکانی دەسووتێنێت؛ هەتا ئەو شوێنەی بینینی پێی دەگات».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەستا بۆ وتاردان لەنێو هاوەڵانی و پێنج ڕستەی تەواوی پڕ لە مانای فەرموو، ئەوانیش: یەکەم: خوای گەورە -عز وجل- ناخەوێت. دووەم: دەرهەق بە ئەو خەوتن مەحاڵە؛ بەهۆی کامڵێتی لە ڕاگیرکاری بوونەوەرەکانیدا و لە هەمیشە زیندوویێتیدا. سێیەم: ئەو زاتە -سبحانە وتعالی- تەرازوو نزم دەکاتەوە و بەرزی دەکاتەوە بە پێی کێشی کردەوەی بەندەکان؛ کە بەرز دەکرێنەوە بۆ لای ئەو، و ئەو ڕزق و ڕۆزییانە دەپێوێت کە بۆ سەر زەوی دادەبەزن، جا ئەو ڕزقەی کە بەشی هەر خوڵقێنراوێکە؛ خوای گەورە -سبحانە وتعالی- نزمی دەکاتەوە بۆیە کەم دەبێتەوە، یان بەرزی دەکاتەوە بۆیە فراوان دەبێت. چوارەم: ئەو کردەوانەی کە بەندەکان بە شەو دەیکەن بۆ لای ئەو بەرز دەکرێنەوە؛ پێش ئەوەی ڕۆژی دواتر بێت، و کردەوەکانی ڕۆژ بەرز دەکرێنەوە پێش ئەوەی کردەوەکانی شەوی دواتر بێت، فریشتە تۆمارکارەکان کردەوەکانی شەو بەرز دەکەنەوە لە پاش تەواوبوونی شەو؛ و لە سەرەتای ڕۆژدا، و کردەوەکانی ڕۆژ بەرز دەکەنەوە لە پاش تەواوبوونی ڕۆژ؛ و لە سەرەتای شەودا. پێنجەم: پەردەکەی خوای گەورە -سبحانە وتعالی- کە ڕێگرە لە بینینی ئەو؛ لە ڕووناکی یان ئاگرە، ئەگەر لای بدات؛ ئەوا ڕووناکی ڕووی پیرۆزی هەموو شتێک دەسووتێنێت کە چاوی پێی بگات لە خوڵقێنراوەکانی، ڕووناکی ڕوخساری بریتییە لە نور و مەزنی و شکۆداری. و مەبەست ئەوەیە: ئەگەر پەردەکە کە ڕێگرە لە بینینی؛ لای بدات و ئاشکرای بکات، و بۆ خوڵقێنراوەکانی خۆی دەربخات؛ ئەوا شکۆمەندی و ڕووناکی ڕووی هەموو شتێک دەسووتێنێت کە بینینی پێی بگات لە خوڵقێنراوەکانی، کە ئەمیش هەموو خوڵقێنراوێك دەگرێتەوە، چونکە بینینی خوای گەورە هەموو بوونەوەرەکانی گرتووەتەوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65114

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee